# خالید ڕەشید تابلۆکانی بەرەو ڕۆمانیا دەبات



لەلێدونێکی تایبەتدا، خالید ڕەشید بەپەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند کەئێستا خاوەنی زیاتر لە ٣٥ پێشانگای هاوبەش و ١٦ پێشانگای تایبەتم. زۆری ئەو پێشانگایانەم لەشاری هەولێر کردۆتەوەو چەند پێشانگایەکیشم لەبەغداد کردۆتەوە، وەچەندین تابلۆشم چۆتە دەرەوەی وڵات، ڕێکخراوی یونسکۆ چەندین تابلۆی منی هەڵگرتۆتەوەو وە چەندین تابلۆشم گەیشتۆتە (ستۆکهۆڵم پایتەختی سوید) ئێستاش ڕێکخراوێکی ئیتاڵی بەنیازە نمایشگایەکم لەشاری هەولێر بۆ بکاتەوە لەژێر ناونیشانی (ریالزمی کوردی) کە چل تابلۆ لەخۆ دەگرێ پاشانیش هەمان تبلۆ کۆ دەکرێنەوەو بەرەو رۆمای ئیتاڵیش دەچن، وەبەنیازیشم پێشانگایەک لە سوید بکەمەوە.

# محەمەد عەزیز بە کلیپێکی نوێی فۆلکلۆر



محەمەد عەزیز بەپەیامنێری (رۆژی گەل)ی راگەیاند ئێستا خەریکی هەندێ بەرهەمی فۆلکلۆریم لەگەڵ سەتەلایتی کوردستان تیڤیدا.

بەرهەمەکەش تەواو بووەو لەلایەن دەستەی کارگێری بەرنامەی (لاوک) وێنەی بۆ گیراوە. ئێستاش ستافەکە سەرقاڵە بە کۆکردنەوەی چەند کەلتورێکی کوردی لەکوێستانی کوردستان لەچیای (حەسەن بەگ)

لەنێوان ئەمرۆو دوێنێدا، بەرهەمەکە خۆی لەخۆیدا باس لە کەلتوری فۆلکلۆر دەکات لەگەڵ ستافەکەمان بۆ کاری کلیپەکە بۆ کێوی کوێستان دەردەچین، من بەتەنیا لەو کلیپەدا بەشدارنیم و( تەنیا عارەب و شێروان شەیدا)شی تێدایە. دوای تەواو بوونی کلیپەکە لەهەولێر دانیشتنێک دەکەین سەبارەت بەو کارانەی کە کردوومانە، ئەو وێنانەی کە گیراوە بۆ ئەم کلیپە دەکەوێتە سەر کێوی کوێستان، لای رەوەندان و سنوری حاجی ئۆمەران. بودجەی ئەم کلیپەش سەتەلایتی کوردستان تیڤی ئامادەی کردووە، جگە لەم کارە مادەیەکی دیکەی خۆم لەبەر دەستە کە هۆنراوەی سەرکەوت رەسوڵ و ئاوازی هی خۆمە.

## ئامانج غازی وچەند پرۆژەیەک لەدەزگای کەلەپوری هەولێر

امانج غازی لەدیدارێکی تایبەت بۆ رۆژی گەل دواو گوتی: لەراستیدا ئێستا خۆمان ئامادەکردووە بۆ چەند کارێک لەبەرێوەبەرایەتی کەلەپوری هەولێر، ئەویش دروستکردنی ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ بەئامێری تازەو نوێ، هەروەها خەریکی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانەین کە لەرادیۆی بەغدالەسەر قەوان و کاسێت تۆمار کرابوون، هەوڵماندراوە بەشێک بێنینەوە وەک دەسکەوتی میللەتی کورد.

ئێستا زیاتر لەگەڵ مرۆڤی بەساڵاچوو هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لەئافرەتانی بەساڵاچوو لە لادێکان ماونەتەوەو وە ئێمەش بەشێوەیەکی تر کاری لەسەر دەکەین، ئێستا زۆرێک لەهونەرمەندان دەستکاری هونەری فۆلکلۆر دەکەن کە بەشێوەیەکی نەزانستیانەیەو نابێ بەو شێوەیە دەستکاری بکرێت، وەئەگەریش قەراربێت دەستکاری بکرێت دەبێ بەدروستی و فۆلکلۆری کوردیانە دەستکاری بکرێت. لێرەشەوە هیچ سانسۆرێک لە تۆمارگاکاندا نابینین، زۆر بەشێوازێکی نابەجێ مەمەڵە لەگەڵ هونەری فۆلکلۆری کوردیدا دەکەن. ئێمەش ساڵێک لەمەوبەر یاداشتێکمان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بۆ داکۆکی کردن لەمافی هونەرمەندان، تاکو ئێستا کاری بۆ نەکراوەو. لەساڵی ڕابردوو لەگەڵ هونەرمەندان کۆبوینەوە سەبارەت بە پێشێل نەکردنی مافی هونەرمەندان. ئێستا وا خەریکە ئیشی بۆ دەکرێت، بەم نزیکانە تەواو دەکرێ.

## پۆزش

داوای لێبوردن لە هونەرمەندان، گۆران ساڵح ، حەسەن عەلی، حەمە سەعید ئیبراهیم دەکەین کە هەندێ هەڵە لەنێو ناوەرۆک و مانشێتی هەواڵەکانیان دروست ببوو، دووبارە بەناوی ستافی هەفتەنامەی رۆژی گەل داوای لێبوردنیان لێدەکەین.



ئوسامە جەمیل ئێسا سەرقاڵی بەرهەمهێنای ٣٠ حەلقەی درامایکە بۆ تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، هەر ئەڵقەیەک باس لەشتێک دەکا. ئەم بەرهە مەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی رابردووی جیاوازەو باس لەرەخنەی کۆمەڵایەتی و، سیاسی، کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات. وێنەگرتنەکەی عەبدوڵا ئیبراهیمەو سیناریۆو دەرهێنانی خۆیەتی. ئەکتەرانی سەرەکی بریتین. لە (عەبدالرەزاق شەمسەدین، گەلاوێژ خان، ماجید ئەبوبەکر.



# ئاراس و بەرهەمێکی نوێ بەئامێری عود

لەدیداریکی تایبەتدا ئاراس بەپەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند، کەئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنی ئەلبومێکی ئاوازی بۆ ئامێری عود ئاراس گوتیشی ئەگەر پاڵپشتی لەهونەرمەند نەکرێ لەمەزەمەنە چۆن هونەرمەند دەتوانێ لەسەر ئەرکی خۆی کاربکات، چۆن وادەبێ، چۆن.... هەروەها گوتی: لە ئەلبومەکەم بەئامێری عود، جەمبووش و کەمان بەکار دەهێنم کە هەموویان خۆم دەیژەنم ئێستا دوو ماندەم تەواو بووەو کەچەند مانگێک لەمەوبەر سیدیەکمان لەگەڵ (زانا ئەنوەر)ی خۆشەویست بەرهەمهێنا بەناوی (کاروانە، کاروانە). دووبارە ئەم بەرهەمە بوو بەجێگەی رەزامەندی هونەرمەندان و دەستخۆشیان لێ کردم، ئاوازی ئەلبومەکەم جۆراو جۆرن، وە بەنیازم هەندێ فۆلکلۆری کۆن دووبارە بکەمەوە، من حەزم لەئیشی خاوو سلۆیە ئەگەر پشتگیریم لێ بکرێت دەتوانم لەماوەی دوومانگ ئەلبومەکەم بەرهەم بێنم و بیخەمە پشی چاوی هونەر دۆستان.

لێرەوە دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ سازدانی ئەم دیدارە.

**خەریکە** دەستی چەوری خۆیان بە خەڵکانی دیکە بسرنەوە، ئاخر نازاندرێ چۆن ٧٠%ی بودجە بۆ مووچە دەچێ؟! مەگەر بۆ خۆیان ٢٠٠ هەزار پاسەوان و پۆلیسیان بۆ پاسەوانی دانەمەزراندووە ؟!

**دەڵێن** بەرپرسێکی خۆمانە رێگەو شێوازی سەیری گرتۆتەبەر، ئەوەی کاتی دیداری هەبێ و بچێتە پرسگە رێنوێنی دەکرێ کە جلەکانی خۆی دابکەنێ و دەستە جلێکی ئەوان لەبەر بکات، دواتر لە ژوورێکی تایبەت بچێتە لای پزیشک و فەحس بکرێ، دواتر دەست و چاوی مادەیەکی تایبەت تا نەخۆشیەکانی بۆ کاکی بەرپرس نەگوازرێتەوە` من دەڵێم ئینشائەڵڵا ئەم هەواڵە راست نەبێ !!

**رۆشنبیرێک** دەیگوت: داوای دیداری بەرپرسێکم کربوو، پێش ئەوەی چاوم پێی بکەوێت، پێیانگوتم:" ئەوەی وەرتگرت دەبێ بە نیوەییمان بێ"

ئەو دەیگوت:" پێمگوتن کاکە من نە بۆ پارە داوای دیدار دەکەم نە بۆ هاتنە ریزی حزبەکەتان! ئیتر دیدارەکەیان هەڵوەشاندمەوە!

**دەڵێن** بەبڕیاری سەروو بودجەی ژمارەیەک سێنتەرو ناوەندی رۆشنبیری دەبڕدرێ، لەبەرانبەردا بەڵێن بە ژمارەیەک سێنتەرو ناوەندی دیکە تازە دراوە کە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێ! ئەم هەواڵە شرۆڤەی سەیر هەڵدەگرێ!! لەوانەیە جێگۆڕکێیان پێبکرێ!

**کەسێک** کە ماوەیەکە چۆتە لای حزبێکی دەستڕۆیشتوو، گوایە لە روانگەی دڵسۆزیەوە تەلەفۆنی بۆ برادەیێکی دێرینی خۆی کردبوو، پێێگوتبوو: پیاوی چاک بەو لە کەری شەیتانی وەرەخوارێ و سەنگەر بۆ لای ئێمە بگوازەوە، ئیتر وەک من دەبێ بە خاوەن مۆنیکاو خانوو، ئەو تەمەنەی ماومانە با بە تێری بژین و دەستەڵاتمان هەبێ ! نەعلەت لە فکرو ئایدۆلۆژیا بدات، خۆ نانی خەڵکی نادەن!!




## ١٤٠ و شتی دیکەش!

جاران زۆر بە توندی باس لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکرا، بە بۆنەو بێ بۆنە جەخت لەسەر ١٤٠ دەکرایەوەو مژدەی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان دەدرا، بەڵام ئێستا لە بن زمانان و بە خشکەییەوە باس لە دواخستنی دەکرێ، هەندێک دەڵێن ئەمەش حیکمەتێکی دیکەی سەرکردایەتییە و باوەڕیان بەو پەندە هەیە کە دەڵێ: بەرخی دوایی باشتر بە دایکی دەکەوێ!!

لەمەوپێشیش زۆر جاران کە پیرۆزیەکان لەژێر پێدەنران و بۆ مانەوەی حزب سڵ لەهیچ نەدەکرایەوە و پەنا بۆ دوژمن و ناحەزان دەبردراو لەژێر پاساوی ئەوەی هەڵێنانەوەی ئەو هەنگاوانە بێ حیکمەت نین و سەکردایەتی باشیان لێدەزانێ و داهاتووش ئەو راستیە دەسەلمێنێ!! دەنگی جەماوەر هەڵدەلوشرا. تۆ بڵێی ئەمجارەش هەمان قەوان لێبدرێتەوەو چاوەکانی پێ دابخرێتەوە و زمانەکان گرێ بداتەوە؟!

ماوەی چوار ساڵی رەبەقە هەرچی کێشەو گرفت و قەیرانی ئەم نیشتمانە هەیە لەبن عەبای هەولدان و کارکردنی شەوانەرۆژی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پەردەپۆش دەکرێن، تەنانەت زۆر جاران دەگوترا کە مادام هەموومان خەریکی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ین و ئەویش زۆر سەرەکی و بژێویە ئیدی با چاو لە هەمبەر کێماسی و کەموکووڕیەکانی دیکە دابخرێ و باسیان لێوە نەکرێ، با ورگی خۆمان بگوشین و باس لە نان و ئازادی نەکەین! ئێستا کە ئەمەش بەرەو ناکامی دەڕوات و دواخستنیشی بە خراپ داناندرێ با ئاوڕێک لە قەیران و کێشەکان بدەینەوە.

لە نێو گێژاوی نیشتمان دا دەمێکە فرچکمان بەوە گرتووە کە قەیران بە قەیرانی دیکە پینە بکەین، کێشە بە کێشەی دیکە بسڕینەوە، تەنگژە بە تەنگژەی دیکە لەبیر ببەینەوە، باشە ئەمجارەیان ١٤٠ بە چی لەبیر دەچێتەوە؟! خۆ بە گەف و هەڕەشەکانی تورکیا لەبیر نەکرا، بە کۆنگرەی قاهیرەو بەشداربوونی گەورە جاشەکان نە شاردرایەوە، بە یاسای نەوت و دیاریکردنی بودجە پینە نەکرا، ئەی باشە ئەو ١٤٠ە بەچی دادەپۆشرێ؟!

برادەرێکم لەوەتەی رۆژنامەی واشنگتۆنی پۆستی خوێندۆتەوە، پێیوایە کە ماددەی ١٤٠ بە ١٨ ملیار دۆلار خوساوەتەوە، چونکە ئەگەر بەگوتەی رۆژنامەی واشنگتۆن پۆستی رۆژی ٢٣-٤-٢٠٠٧ هەبێ، لە ماوەی سێ ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ هەژدە ملیار و پێنج سەد ملۆین دۆلار وەبەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، دیاریش نیە لەچی سەرفکراوە!!

لەم پێوەندیەدا دەبێ بپرسین: ئەگەر قەیرانی کارەبا وەک بەرپرسێک گوتەنی بە ئەدیسۆنیش چارەسەر نەکرێ! ئەگەر قەیرانی سووتەمەنی وەک گۆشکراوێکی ئێرانی گوتەنی کاری حەزرەتی فیل بێ! ئەگەر قەیرانی نیشتەجێبوون وەک عەبا لە شانێک گوتەنی لە دەستی قودرەتی قادر بێ! ئەگەر ئازادی رۆژنامەوانی وەک بەرپرسێکی سەربازی گوتەنی لە ئەڤیۆن ترسناک تربێ! ئەگەر مادەی ١٤٠ وەک ئەندامێکی لیژنەکە گوتەنی لە ١٤٠ بەرمیلی بارووت پڕو لەسەر پی تر بێ، ئەی باشە فەرمانرەوایەتی بۆچی و لەبەرچی و بۆ کێ و بەسەر کێوە دەکەن؟! ئەگەر ئەو هەموو تەنگژەو قەیرانانەتان پێ چارەسەر ناکرێ ئەی بۆچی لە بەهەور گەیاندنی باڵاخانەکانتان کێبەرکێ دەکەن و گرەو لەسەر تاپۆکردنی هەموو زەوی نیشتمان دەکەن؟!

ئەمرۆ ١٤٠ سەنگی مەحەکەی هەموو شتەکانی بەرجەستە کردووە، نەک بۆ چرکەیەکیش دوای بخەن، ئەگەر بۆ دوو رۆژیش دوورتر بکرێتەوە، رەوایەتی فەرمانڕەواییتان لەژێر پرسیار رۆدەچێ، باوەڕو متمانە دەپوکێتەوە. بەڵێن و پەیمانەکان بەتاڵ دەبنەوە. تەنیا جارێک پێداگری بکەن و ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆ جێبەجێ بکەن و خۆتان بکڕنەوە!

**باوکی فلاد**


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com